## سێ یەم: گرنگی وردبونەوە لە قورئانی پیرۆز لای پێشینەچاکەکانمان

## ( السلف الصالح ).

1–مالك لە نافع ونافع لە ( إبن عمر )ەوە گێڕاویەتی‌یەوە کە عومەری کوڕی خطاب ﷺ لە ماوەی دوانزە ساڵدا سورەتی (البقرة)ی لەبەرکردوە، پاش ئەوەی خەتمی کردو فێری بوو مەڕێکی سەربڕی. دوورو درێژی ئەو ماوەیەی کە( إمـامی عمـر) ﷺ سورەتی( البقرة)ی تێدا لەبەرکردوەو فێری بووە، لەبەر بێ توانایی و بێ ئاگایی (إمـامی عمـر) نەبووە بەرامبەر بە قورئان، کەواتە هیچ نەماوەتەوە تەنها لێکدانەوەو لێوردبونەوە نەبێت لە قورئانی پیرۆز .

2– لەإبن عومەرەوە ﷺ دەگێڕنەوە کەفەرمویەتی: زۆر لەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەرەتای ئیسلامدا تەنها سورەتێك یان چەند سورەتێکیان لەقورئان لەبەردەکردو بەتەواوی کاریان پێ دەکرد، بەڵام لەکۆتایی ئەم ئوممەتەدا قورئان دەخوێنن و لەناویاندا منداڵ و کوێر هەن، بەڵام کاری پێ ناکەن.

وە إبن مسعودیش ﷺ دەفەرموێت: (قورئان لەبەرکردن لای ئێمە گران بوو، بەڵام کارپێکردنی ئاسان بوو، بەڵام ئەوانەی دوای ئێمە لەبەرکردن لایان ئاسانەو کارپێکردن لایان قورسە ) .

3– ( حسن البصري ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ئەم قورئانە بەندەو هەرزەکاران دەیخوێنن بەبێ ئەوەی شارەزابن لە لێکدانەوەو تێگەیشتنی، هەتا کەسی وا هەیە دەڵێت: هەموو قورئانم خوێندەوەو یەك ئایەتم نەپەڕاند . سوێند بەخوا هەموو قورئانی پەڕاندوە، چونکە قورئان لە ڕەوشت و کرداریدا نەبینراوە، وە کەسی وا هەبووە دەی ووت ( لە کاتێکی زۆر کەمدا سورەتێك قورئان دەخوێنم )، سوێند بەخوا ئەوانە نە قورئان خوێنن و نەزاناو دانان بەقورئانی پیرۆز، کەی قورئان خوێندن وابووە ؟ خوا نمونەی ئەم جۆرە قورئان خوێنانە زیاد نەکات ) .

4– دووبارە (حسن البصری) دەفەرموێ: قورئان نێردراوە بۆئەوەی لێی وردبینەوەو تێی بگەین و ئیشی پێ بکەین، خوێندنەوەی قورئان لەجێی کارپێ کردنی دانراوە، واتە: ئیشی خەڵك بووە بەقورئان خوێندن و بەس، وازیان هێناوە لە کارپێ کردن و لێکدانەوەی.

5– شعبەی کوڕی حجاج بەفەرموودەناسانی دەووت: ( ئەی خەڵکینە ئێوە هەرکاتێك قسەدەکەن، بەفەرموودە دەست پێ دەکەن، دواتر بەقورئان (دواتر باسی قورئان دەکەن ). لێرەدا ئاگادارکردنەوەیەك هەیە بۆئەوانەی کەسەنەدی فەرمودەو باسە فیقهی‌یەکان بێ ئاگای کردوون لە ورد بوونەوە لەقورئان و تێگەیشتن لێی، چونکە بەم کارەیان هاوسەنگیان لەدەست داوەو تەرازویان تێکداوە) .

6– لە(محمدی کوڕی کعبی قرظی) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ( لەلام خۆشترە کەسەراپای شەو قورئان خوێندنم ( إذا زلزلت) و(القارعه) بێت ولێیان زیاد نەکەم ، نەك بەبێ پەروا قورئان بخوێنم وەك پەخشان وهیچی لێ تێ نەگەم.

7- إبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( هیچ شتێك لەلێکدانەوەو تێگەیشتن لەقورئان بۆمرۆڤ بەسودتر نی‌یە بۆژیانی دونیاو دواڕۆژی، وە بەهۆی ووردبونەوە لە قورئان ڕێگای چاك و ڕێگای خراپی لەبەردەم ڕۆشن دەبێت، وەبەروبوم و سەرئەنجامی هەریەك لەو

دوو ڕێگایانە بەباشی دەزانێت لەگەڵ دوا ڕۆژی شوێن کەوتوانی هەردوو ڕێگاکە، وە هەر بەو هۆیەوە کلیلی خەزێنەی بەختەوەری و زانستی بەسودی دەکەوێتە دەست و ڕەگی ئیمان لە دڵیدا جێگیر دەبێت .